

# د.ڕێبوار فەتاح: چاكسازی بەم سەركردایەتییە ناكرێ

Saturday, August 20, 2011

**دیمانەی: شەنكار عەبدوڵا**

لەدوای خۆپیشاندانەكانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دواتر، كەبوە هۆی شەهیدبونی 10كەس بریندار‌بونی زیاتر لە 500كەس و بەسەدان كەسیش بەنایاسایی ڕاپێچی زیندان كران، لەدوای سەركوتی خۆپیشاندانەكان دەسەڵات و هاوڵاتیان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرج و گۆڕانكاری ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بكەن.
د. ڕێبوار فەتاح نوسەر و روناكبیر لەدیمانەیەكدا لەگەڵ "سبەی" دەربارەی چاكسازی دەسەڵات دەڵێت، ئەگەر مەبەست لەوە بێ كە دەسەڵات چاكسازی بكات، ئەوە ئەستەمە، ئەم سەركردایەتیە سیاسیەی ئەمڕۆ چاكسازی بۆ ناكرێ و پێویستە دوربخرێتەوە. ناوبراو پێشیوایە ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی كوردستان بنكە كۆمەڵایەتیەكانی لەدەستداوە، سیستمی سیاسی كوردستان سیستمێكی داخراوی خێڵەكییە.

**سبەی: خۆپیشاندانەكانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دواتر چۆن لێك دەدەیتەوە؟ ئایا هەڵچونێكی دەرونی بو یان بەرهەمی ئەو ناعەدالەتیە  كە 20 ساڵی حكومڕانی كوردی بەرهەمی هێناوە؟**
د.ڕێبوار فەتاح: دیارە خۆنیشاندانەكان بەهیچ جۆرێك هەڵچونێكی دەرونی نەبون، بەڵكو دەرئەنجامی نالەباری سیاسی، كۆمەڵایەتی و ئابوری بون، كە دەكرێ بەرجەستە بكرێن لە كۆمەڵێك هۆكاردا، وەك ناڕەوای كۆمەڵایەتی، گەندەڵی بەهەمو جۆرەكانیەوە و قۆرغكرنی زۆربەی دەرامەت و دەسەڵاتی سیاسی و كۆمەڵایەتی لەلایەن كەمینەیەكەوە، سەرئەنجامی ئەمەش پەراوێزخستنی بەشێكی گەورەی كۆمەڵە، بەتایبەتیش لاوان، كە چیدی هەست ناكەن كاران لە كۆمەڵدا. ڕوداوەكان لەدەری ئەمان ڕو دەدەن؛ ئەمانیش دەیانەوێ بگەڕێنەوە ناو ڕێڕەوی كۆمەڵ، لە نەبونی هیچ مێكانیزمێكی تردا، خەڵكی توندوتیژ دەنوێنن بەرانبەر بەو دەزگایانەی كە سەر بە دەسەڵاتن، چونكە بەم مانایەی كە باسمكرد، دەسەڵات لە خەڵك جودا بوەتەوە و بوەتە دەسەڵاتێكی حۆسەپێن بەسەر خەڵكەوە. ڕاپەڕینەكانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، بەتایبەتیش تونس و لیبیا و یەمەن، ڕەنگە ڕوداوەكانی كوردستانیان پێشخستبێ، دەنا ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان گومانی تێدا نەبو، وەكچۆن گومانی تێدانیە كە هەر سەرهەڵدەداتەوە.
ڕاپەڕینی شوبات جۆرێكی نوێ بو لە خەبات، پێش ئەم، لە كوردستاندا زۆرتر خەباتی چەكداری باوبوە و خەباتی سڤیل بە ناوچەكە نامۆ بو، شوبات كوردستانی بردە قۆناغێكی ترەوە لە خەبات، كە ئەویش خەباتی سڤیلە.
دەتوانم بڵێم كە شوبات یەكاڵاكەرەوە بو لەوەدا كە شێوازی خەباتی چەكداری لە مێشكی خەڵكدا شتەوە و بەردی بناغەی خەباتی سڤیلی لە كوردستاندا دانا، ئەمەش سەرەتای بەسڤیلبونی كۆمەڵە.
چەند دیاردەیەك دەكرێ لە ڕاپەڕینی شوباتدا ببینرێن، بۆ نمونە، بیرۆكەی شۆڕشی لای هەمومان گۆڕی، پێشتر باوەڕ وابو كە كەمینەیەك بە بڕیارێك ئاگری شۆڕشیان، كە خەباتی چەكدار بوە، هەڵگیرساندوە، ئەم دەستەیە وەك سەركردایەتی بزوتنەوەكە ماونەتەوە، كە تا ئەمڕۆش هەر بەرهەمی ئەو خەباتەیان دەخۆن، ڕاپەڕینی شوبات، كە دەستپێكرد سەركردەی نەبو، بەڵام كۆمەڵێك سەركردە لەنێویدا سەریهەڵدا، شۆڕش پێشتر پیاو دەستپێ دەكرد و كارێكی پیاوانە بو، ئافرەت گەر بەشداریش بوایە، بە ژمارە زۆر كەم  و لە پەراوێزیشدا بون، شۆڕش پێشتر یان بناغەیەكی ئایدیۆلۆجی هەبو یان خێڵەكی، ڕاپەڕینی شوبات زۆربەی چین و توێژەكانی لەخۆگرتبو، بە ئافرەت و پیاوەوە و هیچ ئایدیۆلۆجیەكی سیاسی دیاریكراوی نەبو؛ هەڵبەت كۆمەڵێك

گرووپی ئایدیۆلۆجی لەیەك جودا خۆیان تێهاویشتبو، بەکورتی ئەمانەن تایبەتمەندیەکانی راپەڕینی شوبات.

**سبەی: مامەڵەی ئۆپۆزسیۆن چۆن هەڵدەسەنگێنی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان؟**

د.رێبوار فەتاح: دیارە ئۆپۆزسیۆنیش لەهەمان کولتورووە هاتوە، بۆیە ئەمیش لەسەرەتادا سەنگی ئەو خەباتە سڤیلەی نەزانی، یان دەکرێ بڵێین پەلەی کرد لە هەڵوێستوەرگرتندا. لێدوانەکانی هێما و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە رۆژانی یەکەمی خۆنیشاندانەکاندا زۆر مەترسیدار بون، دیار بو کە ئۆپۆزسیۆن مامەڵەی لەگەڵ خەباتی سڤیلدا نەکردوە و سەنگیشی نازانێ، هەڵبەت پرۆتێستەکان قوتابخانەیەك بون کە ئۆپۆزسیۆنی پێگەیاند، ئەوە بو دواتر ئۆپۆزسیۆن خۆی کرد بە بەشێك لە راپەڕینەکە، بەڵام سەرکردایەتیەکەی کاریگەرانە نەبو.

**سبەی: مەبەستت چییە لەوەی سەرکردایەتییەکەی کاریگەر نەبو؟**

د.رێبوار فەتاح: راپەڕین هەردەم قوتابخانەیەکە بۆ رۆشنکردنەوەی بەرچاوی خەڵك و دامەزرندنی رایگشتی، چونکە تەنیا لە راپەڕیندا هەمو لایەك گەرمن لە گوێگرتن لە ئامانجەکان و رێچارەی کێشەکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، هەست دەکەم کە ئۆپۆزسیۆن کاریگەر بو لە بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی بەشێوەی چەند دروشمێك، بەڵام کاریگەر نەبو کە ستراتیجی خۆی بکات بەهی خەڵك.

**سبەی: دوای سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، دەبێ چاوەڕوانی چی بکەین؟ ئایا دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ پێش 17ی شوبات؟**

د.رێبوار فەتاح: نەخێر، نە دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ پێش شوبات، نە خەڵکیش، ئەو قۆناغەمان جێهێشت، پرۆتێستەکان گوزارشێك بون لە جیابونەوەی گەل لە دەسەڵات، دەکرێ بڵێم کە گەل پێش راپەڕینەکان هێشتا بەشێك بو لە ئەتمۆسفیری حیزب – ناڵێم حیزبی بو، بەو مانایەی کە خەڵکێکی زۆر لە ژێر کاریگەری حیزبەکاندا بون، هێشتا زۆر کەس خۆی ساغ نەکردبوەوە. هەڵبەت راپەڕینەکەی شوبات، ئەو رەوتە یەکلاکەرەوەیە بو کە دەسەڵاتێکی گەندەڵی لە خەڵکێکی خەباتگێڕ جیاکردەوە.

پرۆتێستەکان سەرکوت نەکراون، بەڵکو راگیراون یان هەڵپەسیراون، هیچ حکومەتێك لە مێژوی نوێدا نەیتوانیوە کۆمەڵ ببەزێنێ، مێژوی هەمو گەلانی جیهان بە مێژوی عێراقیشەوە ئەوە دەدەرکێنن، کە گەر خەڵکی راپەڕی و دەسەڵات لەبری ئەوەی گوێڕایەڵی داخوازیەکانی بێ، هەوڵیدا سەرکوتی بکات، بەمە دەسەڵات خۆی دەخاتە مەترسی لەنێوچونەوە، بۆ نمونە، حکومەتی مەلیك لە عێراقدا کاتێك کەوتە مەترسی لەنێوچونەوە، کە پرۆتێستەکانی خەڵکی عێراقی لە ساڵاکانی دوای حوکمڕەوایدا بە ئاگر سەرکوت کرد، دواتریش هەر خەڵکی عێراق سەریخوارد، دەسەڵاتی کوردیش، هیچ گومانم نیە، گەر لەسەر ئەم سیاسەتەی سور بێ، بە هەمان دەرد دەچێ.

ئێستا دەسەڵات بێباکە، هەڵبەت زەینەلعابدین، موبارەك، قەزافی، عەلی عەبدوڵا ساڵح و بەشار ئەسەدیش تا چەند رۆژێك بەر لە راپەڕینی خەڵکی وڵاتەکانیان خەمسارد بون، وایان دەزانی کە گەلەکانیان هەرگیز راناپەڕن.

**سبەی: لەدوای خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات و رۆژانی دواترەوە سزای سیاسی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بەرادەیەکی بەرچاو روی لە هەڵکشانە؛ هۆکاری ئەمە چیە؟ تاچەند ئەم رەفتارانە بۆ دەسەڵات دەچێتەسەر؟**

د.رێبوار فەتاح: من ئەم رەوتارەی دەسەڵات بە پەلەقاژە دادەنێم، دەسەڵاتێك لەو باوەڕەدا بێ کە بە سەرکوتکردن و دەمکوتکردنی دەنگە جوداکان و ناڕەزاکان تەمەندرێژ دەبێ، تەمەنی کورتە، پێویستە ئەوە رونبکەمەوە کە ئەم داپڵۆسینە تەنیا بۆ خەڵکی دەری حیزبەکانی دەسەڵات نیە، خۆ رەنگە ئەندامانی حیزبەکان خۆیان لەژێر گوشارێکی زۆرتردا بن تا خەڵکی دەرەوە، حیزب ئەمڕۆ دەزگایەکی هەڕەمیە کە کەمینەیەك، وەك دامەزراوەیەکی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریدەهێنن.

دەسەڵات بەهەمو شێوازێك و بەهەمو باهایەك دەیەوێ بمێنێتەوە بۆ هێشتنەوەی ئەم بەرژەوەندیانە، بۆ ئەقڵێکی خێڵەکی، دەسەڵات وا دەزانێ گەر خەڵکی ناڕازیبون، ئەوە لە نەریتی خێڵ یاخی بون و لە فەرمانی سەرۆك خێڵ دەرچون، چونکە دەسەڵاتێکی خێڵەکی کۆمەڵ وەك خێڵەکەی سەیر دەکات، دیارە ئەمەش بە نەریتی ناو خێڵ سوکایەتیکردنە و سەرپێچیکاران پێویستە سزا بدرێن، خۆ رەنگە ئەمە لە خێڵێکدا بچێتەسەر، بەڵام لە کۆمەڵێکی هاوچەرخدا، ئاسنی سارد کوتانە.

وا دەزانم کە مانگە هەنگوینەی دەسەڵات کۆتای هات و مانەوەی وەك پێشو ئاسان نیە، دەسەڵات وا دەزانێ کە رێچارەی مانەوەی تەنیا بە دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی داخراوی خێڵەکیە، بەو مانایەی کە سەرباری هەمو

جیاوازیەکان، دەستەیەك بەرژەوەنی خۆیان بەسەر هەمو کۆمەڵدا دەسەپێنن، رەنگە گرنگ بێ کە ناوەڕۆکی ئەم سیستمە بخەمەڕو.

لەم سیستمەدا دەسەڵاتی سیاسی لەدەست کەمینەیەکدایە و دەیەوێ هەمو بوارەکانی ژیان لە بەرژەوەندی خۆی بگونجێنێ، بۆ بەئەنجامدانی ئەم ئامانجە هەمو سنورەکان دەبەزێنێ، کەمینەی دەسەڵاتدار لەسەر بناغەی خێڵەکی یان گردبونەوەیەکی خێڵەکی دامەزراوە بۆ زامنکردنی پیرۆزی سەرکردەکان و گوێڕیەڵی و سەرنەویبونی ئەنداامانی حیزب، دەسەڵات نەریت و پێکهاتەی خێڵی لە حیزبدا بەرجەستە کردەوە و دەیەوێ کۆمەڵێش بکات بە حیزب یان بە خێڵ، واتە دەیەوێ سیفەتەکانی ئەندامی حیزب بگوێزێتەوە بۆ هەمو ئەندمانی کۆمەڵ. بەکورتی سەرکەوتوانە سنوری خێڵی کردوەتەوە بۆ حیزب، جا دەیەوێ سنوری حیزبیش بکاتەوە کۆمەڵ، واتە دەیەوێ خێڵ، حیزب و کۆمەڵ هەمان پێکهاتە و نەریت بەرجەستە بکەن، لێرەدا چەمکی "هاوڵاتبون" دەبێ بە "ئەندامی حیزب/خێڵ" یان کۆیلەی سەرۆك و بنەماڵەی سەرۆك، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەمە کۆمەڵێك شەرعیەت بە خۆیان دەدەن، کە هەمویان وەهمن.

یەکێك لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم سیستمە ئەوەیە کە دابەشبونی دەسەڵات لە دولاوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، یەکێکیان ئەوەیە یەکەکانی خێڵێك، کە لە حیزبدا بەرجەستەبوە، دابەشدەبن بەسەر دەزگای دەسەڵاتە جوداکانی قانونددانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا، جا لەبەرئەوەی کە پەیوەندی خوێن، پیرۆزی و گوێڕایەڵی بۆ خێڵ لەسەر هەمو کارێکەوەیە، دەزگا دابەشبوەکان بچوکدەبنەوە و یەکدەگرنەوە، سیستمێکی بەمجۆرە ناتوانێ دیمکراتی بێ، چونکە هەمو دەسەڵاتەکان لە خێڵ/حیزبدا کۆبوەتەوە. دوەمیان ئەوەیە کە لەبەرانبەر هەمو دەزگاکانی حیزب وخێڵدا، دەزگاکانی دەوڵەت، بە تایبەتیش قانوندانان (پەرلەمان)، جێبەجێکردن (حکومەت) و دادوەری بچوکدەبنەوە بێسەنگ دەبن، ناتونن کاریگەر بن، وەك رێکخراوێکی گچکەی پارەخواردنیان لێدێ، هەمو بڕیار و کارەکان لە دەری ئەمان دەگوزەرێ، ئەمان زۆرتر مۆرکەر و پاساوهێنەرەوەی دەسەڵاتی خێڵن، بۆ نمونە سەفیری وڵاتێك یان شاندێکی رۆشنبیری لە ئەوروپاوە سەر لە کوردستان دەدەن، کەچی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگیردا کۆدەبنەوە و تەلەفیزیۆنیش زۆر بێباکانە ئەمە پەخش دەکات، دەبێ بپرسین: ئەی حکومەت چ کارەیە؟ دیارە حکومەت و پەرلەمانیش ئەم رێکخستنەیان قبوڵە و چوارچێوەی کاری خۆیان کە وەرگرتنی کۆمەڵێك ئیمتیازە دەزانن.

ئەم کوشتەوبڕەی دەسەڵات بۆ دامەزراندنی ئەو سیستمەیە، کە رەنگە لە پەنجا ساڵی پێشدا ئەگەری دامەزراندنی هەبایە، کە جیهان نەبوە گوندێك، ئێستا ئەستەمە و زەبروزەنگ نواندن لە دنیای ئەمڕۆدا تەنیا تەمەنکورتی لەدوایە.

دیارە داپڵۆسین، سەرکوتکردن و دەمکوتکردن ستراتیجی سەرەکی دەسەڵاتن لە سەپاندنی ئەم سیستمەدا، زۆرجار دەبیستیت کە دەسەڵات بەهێزە، بەو مانایەی کە گوایە هێز زامنکەری مانەوەی دەسەڵاتە، ئەمە بۆچونێکی ساویلکەیە، دەنا ئەوەی دەسەڵات دەهێڵێتەوە، دامەزراندنی دادوەری، ئاسایش و خۆشگوزەرانیە، نەك زەبروزەنگ.

دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا بۆیە ماوەتەوە و بۆیە سێ حیزب سەدەیەك دەبێ لە پێشبڕکێی دەسەڵاتدان، چونکە دەسەڵات لەهەمو ئاکارەکاندا بە ئاشتی ئاڵوگۆڕ دەکرێ و سەرکردایەتی حیزبیش بەدەوام دەگۆڕێ، حیزبیش بە پرۆگرامێکەوە بەشداری هەڵبژاردنێکی بێفێڵ دەکات، لە بەرانبەر ئەمەدا، دەوڵەت دامەزراوەیەکی تۆکمەیە، کە تەکنۆکرتەکان بەڕێوەی دەبەن.

کاتێك حیزبێکیش دەسەڵات دەگرێتەدەست، بە هەڵبژاردن، تەنیا ستراتیجی خۆی بەرجەستە دەکات، جێی هەمو دەزگاکان بە دەزگای حیزبی و بە کەسانی حیزبی ناگرێتەوە، ئەم پێشبڕکێیە سڤیلە، ئەوەی بەسەر حیزبیدا سەپاندوە کە گوێڕایەڵی داخوازیەکانی خەڵك بێ بۆئەوەی دەنگی بۆ بدەن، ئیدی دەسەڵات نابێ بە سەرچاوەیەك بۆ کەسوکار خستنە ناو دەسەڵات و نابێ بە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەند بون، ئەوە گەندەڵیە، نەك دەسەڵات گرتنەدەست، گەندەڵی و ناڕەوایی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی نائارامین؛ دیموکراسیش سەرچاوەی ئارامی.

پارتی و یەکێتی دەیانەوێ بە بەکارهێنانی هێز دەستبەسەر هەمو رەوتێکی ژیاندا بگرن، دیارە ئەمە بۆچون و رەوتارێکی نادروست و ناتەندروستە، کاریگەری زۆر نەگەتیڤی لەسەر کۆمەڵ دەبێ، هەرئێستا ئەم کاریگەریە زۆر بەزەقی دیارە، ئەو رقە ئەستورەی کە لە ناو خەڵکدا دەیبینین و بەئاشکرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی سەر ئینتەرنێت و لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی کوردستان و رەوەندی کورددا دەبینرێ ئەنجامی راستەوخۆی ئەو زوڵمەیە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیکەن، تەنانەت کار گەیشتوەتە ئەو ئاکامە جەرگبڕەی کە خەڵکی رقیان لە جامەدانی سور هەڵگرتوە، بە مەرجێك کە جامەدانی سور چەندین کۆمەڵگەی تر دەیبەستن. دیارە زەبروزەنگ نواندن کۆمەڵ بەرەونشێوی دەبا، خۆ رەنگە پەیوەندی ئەمڕۆی نێوان دەسەڵاتەکانی لیبیا، سوریا و یەمەن و کۆمەڵەکانیان باشترین نمونە بن بۆ سەلماندنی ئەوەی  کە دامەزراندنی رژێمێك لەسەر بناغەی زەبروزەنگ و زوڵم چ کاریگەریەکی نەگەتیڤی لە داهاتوی کۆمەڵدا دەبێ، سەرباری ئەمەش، هیچ دەسەڵاتێکی زاڵم بەسەلامەتی لە دەست راپەڕینی خەڵك دەرنەچوە و دەرناچێ.

ئەو زوڵمەی کە سەرکردایەتی حیزبەکان دەیکەن، بە پلەی یەکەم، کێشەی بنکەی فراوانی پارتی و یەکێتیە، کە پێویستە بیر

لەداهاتوی خۆیان وەك حیزب و دەسەڵاتی سیاسی بکەنەوە تا بەدەردی قەزافی، عەلی عەبدوڵا ساڵح و بەشار ئەسەد نەچن، دامەزراندنی حوکمێکی دیموکرات و کۆمەڵێکی سڤیل زەمانی مانەوەی حیزب و دەسەڵاتە، پارتی و یەکێتیش، وەك حیزبەکانی بەریتانیا، دەتوانن بۆ دەیان ساڵی تر لە دەسەڵاتدا بن، بەمەرجێك ئامادەبن حکومەت بە دیموکرات، کۆمەڵ بە سڤیل بکەن و قانونیش باڵادەست، هەڵبەت دیارە لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە کە سەرکردەکانیان بگۆڕن.

**سبەی: کاردانەوەی نێودەوڵەتی لەئاست خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان لەئاستێکی زۆر لاوازدابو، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چیە؟**

د.ڕێبوار فەتاح: دەبێ هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە دو ئاکاردا لەچاوبگرین، یەکێکیان ئاکارێکی نافەرمیە یان ئاکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکانە، بە تایبەت ڕێکخراوە مرۆپەروەرەکان و پارێزەری مافە سڤیلەکان؛ ئەمان بەردەوام پێشێلکاریەکان بڵاودەکەنەوە و گوشار لە دەسەڵاتی دەکەن، کە ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی ئازادیە سڤیلەکان هەیە و بوەتە پاڵپشتێکیش بۆ ئازادی خوزەکانی کوردستان. دوەمیان، ئاستێکی فەرمیە یان ئاستی دەوڵە دیموکراتەکان، کە ڕەنگە ئەمەریکا و بەریتانیا لە پێشەنگیاندا بن، ئەمان تەنیا دو پێداویستیان هەیە لە ڕژێمەکانی ناوچەکە.
یەکەمیان، هەڕەشەنەکردن لە ئاسایش نەتەوەی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان؛ مەرجی دوەمیش، هەڕەشە نەکردنە لە ئاوەڵابونی بازاڕی جیهان، بەتایبەتیش بازاڕی نەوت، کە پێویستە بەبێ قۆرت بگاتە بازاڕەکانی جیهان، لە هەندێك باردا ئەم دەوڵەتانە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەڵوێست وەردەگرن، گەر بگاتە ئەو ئاستەی هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە بکات یان کاریگەرێکی نەگەتیڤی لە بازاڕی نەوتدا هەبێ، بۆ نمونە ڕەوە مەزنەکەی کوردستان ئاسایشی ئێران و تورکیای خستە مەترسیەوە، داگیرکردنی کوەیت ئاسایشی ناوچەکە و بازاڕی نەوتی خستە مەترسیەوە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستانە.
دیارە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا بگێڕێ، ناساندنی تۆماری مافی مرۆڤ بە جیهان یەکێکە لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆ نمونە، ئۆپۆزسیۆن دەکرا ئۆفیسی لە لەندەن و واشنتۆن هەبێ، کە کاری ڕاپۆرتکردنی هەمو پێشێلکردن و ئاڵۆزیەکانی هەرێمی کوردستان بێ، ئەم ئۆفیسانە دەبون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناساندنی تۆماری هەرێمی کوردستان بە جیهان.
هاوکات دەکرا ئۆفیسەکان سایتێکیان بۆ ئەم کارە بە زمانە ئەوروپیەکان هەبوایە، کە بەردەوام زانیاریان لەسەر ڕەوشی کوردستان بڵاوبکردایەتەوە، هێدی هێدی ئەم ئۆفیسانە دەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا فەرمی و نافەرمیەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا ببەستێ و ئۆپۆزسیۆنی لە تەنگەشەی کوردستان ڕزگار بکات، لەو بڕوایەدام، گەر ئەم ئۆفیسانە باوەڕ پەیدا بکەن، کەم ڕاپۆرت لەسەر کوردستان دەنوسرێ یان پەخش دەکرێ بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئەم ئۆفیسانە. دیارە کە ئۆپۆزسیۆن یان نازانێ یان بایەخ بە خەباتێکی سڤیل لەئاستی نێونەتەوەیدا نادات، ئەمەش لەسەری زۆر کەوتوە.

**سبەی: بەسەربازیکردنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان چۆن لێك دەدەیتەوە؟ چ مەترسیەکی هەیە بۆ پاشەڕۆژی ئەم هەرێمە؟**

د.ڕێبوار فەتاح: بە سەربازیکردنی سیتمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام ئێستا خەڵکی چاویکراوەتەوە و دەرکیپێکردوە، سیستمی حیزبی کوردستان هەر لە دامەزراندنەوە تا ئەمڕۆ لەسەر بناغەیەکی سەربازی بوە، دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ لە چیاکانەوە دابەزیوە، کە بەلانیکەمەوە لە ١٩٦١وە سەریهەڵداوە؛ ئەمە ئەگەر بزوتنەوەی چەکداری پێشتریش فەرامۆش بکەین، نەهامەتیەکە لەوەدایە، هەر ئەو کەسانەی بە شاخەوە بون ئەمڕۆ حوکمڕانن.
دیارە خەباتی شاخ و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی سڤیل دو کاری زۆر جودان، ڕاستەکەی چالاکەوانەکانی شاخ دەبوایە بەشداری ژیانی سڤیلی شاریان نەکردایە، پاش گەڕانەوەیان لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبوایە ڕێیان بۆ خەڵکی سڤیل خۆشبکردایە.
ئەم نەقڵیەتی شاخە هەمو دیاردەیەك بە چەك و زەبروزەنگ چارەسەردەکات؛ ڕێی تر نازانێ. گەواهی ئەم گفتەی من لە پێکهاتەی کوردستانی ئەمڕۆدا دیارە، دەسەڵاتی کوردی زۆر بە قورسی کۆمەڵی کوردستانی لەسەر بناغەیەکی خێڵەکی چەکدار کردوە، دەزگا و گروپی چەکدار و سیخوڕی لە هەمو لایەنێکی تری ژیان زۆرتر دەرامەتیان پێداراوە؛ خۆ ڕەنگە لە هەمو لایەنێکی تری ژیان دەرامەتی کۆمەڵ بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنرابێ، تەنیا ئەو کەسانە کە لە نێوەندی بنەماڵەوە نزیکن بەرپرسێتی لەم دەزگا و گردبونەوانەدا وەردەگرن. بنەماڵەکان هێندە چەکدار و دەزگای سیخوڕی لا گرنگە، سەرکردەی حیزبەکان ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان کردوە بە سەرباز و وەك قارچك نیشانەی پلەی سەربازیان لەسەر شانی منداڵەکانیان کە لە بیستەکانی ژیاندان هەڵتۆقاندوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ ئەزمونێکی سەربازیان هەبێ یان لە زانکۆ سەربازیەکان دەرچوبن،

دیاره ئەمەش لاسایکردنەوەیەکی کتومتی رژێمە داخراوەکانی ناوچەکەیە.
ئەم ئەقڵیەتە خوێندنەوەیەکی تریشی هەیە، دەسەڵات دەیەوێ بۆ هەمو دیاردەیەکی کۆمەڵ رێچارەیەکی ئاسایشئامێز بدۆزێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستی بەسەربازیکردنی کۆمەڵە، ناشکرێ هەمو کەسێك چەکدار بکرێ، چونکە ئەو چەکانە رەنگە لە دژی خودی دەسەڵات بەکاربهێنرێن، جا بۆیە پشتدەبەست بە پێکهاتەی خێڵ، چونکە هەر هیچ نەبێ دەزانن کە ئەندامانی خێڵ دڵسۆز دەبن، جا ئەم خێڵە مەرج نیە ئەو خێڵێکی تەقلیدی بێ، بەڵام لە پێکهاتەیەکی خێڵەکیدا کۆبونەتەوە و بەها و نەریتەکانی خێڵیان لەخۆگرتوە، کێشەکە لێرەدا تەواو نابێ، چونکە ئەم بەسەربازیکردنەی سیستمی حوکمکردن، پێویستی بە دەرامەتێکی زۆرە بۆ بەڕێوەبردنی هەروەك چۆن پێویستی بە ئەندامانی خێزانی سەرۆکە، جا ئالێرەوە گەندەڵی مالی و خزمێنە یان ناپۆتیزم سەرهەڵدەدات، چونکە دەسەڵات ناتوانێ و نایەوێ خەرجی ئەم مەکینە سەربازیە گرانبەهایە بخاتەڕو، هەروەك ناتوانێ دەستبەرداری نزیکترین کەسەکانی خۆی بێ کە ئەندامانی خێزانی سەرۆکن، بۆ شاردنەوەی ئەم گەندەڵیەی خۆی پێویستە کۆمەڵ هەمو گەندەڵ بکات، کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نیە. هەڵبەت هێندە دەڵێم کە شاعیر و نوسەریش بە پوڵ دەکڕن هەروەك هەمو خزم و کەسەکاری خۆیان کە رۆژێك بەشداری ژیانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی نەبون هێنراونەتە ناوجەرگەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، ئێستا هەندێکیشیان لەخۆیان گۆڕاون، خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن، بەمجۆرە هیچ بوارێکی ژیان نامێنێ کە گەندەڵ نەکرێ.

**سبەی: دوای ئەو روداوانەی چەند مانگی رابردو، دەسەڵات لەئێستادا خۆی بەبراوە دەزانێت پێیوایە ئەوەی رویدا هەڵچونێك بو، ئەوە تاچەند مەنتقێکی دروستە؟**

د.رێبوار فەتاح: دەسەڵات دۆڕوانێکی مایەپوچە، هەمو دەسەڵاتێك لەسەر کۆمەڵێك پێگە بەندە، کە پێویستن بۆ مانەوە و گەشەکردنی، خۆ گەر یەکێك لەم پێگانە رما، ئەوا پێویستە دەسەڵات گۆڕانکاری لە خۆیدا دەکات، بۆ نمونە لە بەریتانیادا، گەر حیزبی حوکمڕان لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی، ئەوا سەرۆکی حیزبەکە، کە سەرۆك وەزیرانە، دەست لە سەرۆکایەتی حیزب دەکێشێتەوە، یان گەر حیزبێك لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی، سەرۆکەکەی دەستدەکێشێتەوە، چونکە بەپێی مۆراڵ و نەریتەکان سەرۆك بەرپرسە لە چۆنێتی کار و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی حیزبەکەی، گەر وەزیرێك یان کارمەندێکی باڵای دەسەڵات لاریەکی لێبینرێ لێپێدەپرسرێتەوە و کارەکەی لەدەستدەدات، بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەوەیە.
دەسەڵات ئەمڕۆ زۆربەی پێگەکانی لەدەستداوە و ئێستا بە زۆر و بە زوڵمکردن حوکم دەکات، با نمونە بهێنمەوە، کە ئەم حیزبانە لە شاخ بون و زۆربەی خەڵك بە سۆز خۆیان بە بەشێك لەو حیزبانە دەزانی؛ حیزبەکان و سەرکردەکانیا شکۆیەکیان لای خەڵکی هەبو، حیزبەکان پێگەی مۆڕالی و شکۆیان لەدەستداوە، سەرباری ئەمە، هەمو دەسەڵاتێکی سیاسی هێز و شەرعیەت لە خەڵکەوە وەردەگرێ، ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بنکە کۆمەڵایەتیەکانی لەدەست داوە، گەر لە قەیرانێك بێتەدەرەوە، ئەوا خۆی بە سەرکەوتو لەقەڵەم دەدا.
سەدام حسێن لەدوای جەنگی کەنداوی ۱۹۹۱ کە هاوپەیمانان پەیمانێکی سەختی جەنگڕاگرتنیان بەسەردا سەپاند، دەیگێڕنەوە دەڵێن سەدام هاواریکردوە: سەرکەوتین، سەرکەوتین، گەر سەرکەوتن ئەمە بێ، ئەوا بەڵێ راستە دەسەڵاتی کوردستانیش سەرکەوتوە، دۆڕاوی سەرەکیش لەم کێشەیەدا یەکێتی بو، کە دەرفەتێکی زێرینی بۆ هەڵکەتبو لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئاشتبێتەوە و لایەنی خەڵك بگرێ، بەڵام لایەنی پارتی گرت، بەمەش خۆی زۆرتر روتکردەوە لە پێگەی لەناو خەڵکدا.

**سبەی: دوای چەنج کۆبونەوەیەك لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، دواجار ئۆپۆزسیۆن کۆبونەوەکانی هەڵپەسارد، بەبیانوی سزای سیاسی و راوەدونانی چالاکوانان و رۆژنامەنوسان، بەڕای تۆ ئەم هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆن تاچەند لەجێی خۆیدایەتی؟**

د.رێبوار فەتاح: ئۆپۆزسیۆن کارێکی باشی کرد کە بەشداری کۆبونەوەکانی بو، بەڵام دیارە لەوە نەدەچو کە رۆژەڤێك هەبێ بۆ کۆبونەوەکان، کە دەبوایە ئامانجیان چارەسەرکرن و رێچارە دۆزینەوە بونایە بۆ کۆمەڵێك کێشە، دەنا کۆبونەوەکان کەڵکیان چیە؟ ئەمانیش زۆرتر بە کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی دەچون، کە هەواڵەکان تەنیا ئەوە دەدرکێنن کە بارەودۆخەکە تاوتوێ کرا و ئەنجامەکانی پۆزەتیڤ بو؛ بەبێ ئەوەی کەس بزانێ کە بۆچی کۆبونەتەوە و رۆژەڤیان چی بوە؟ کۆبونەوکان دەبوایە رۆژەڤێکی رونیان هەبوایە و لەهەر کۆبونەوەیەکدا رێچارە بۆ کۆمەڵێك کێشە دابنرایە، لایەنە پەیوەندیدارەکان رێنومای بکرانایە بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێچارەیەی کە دانراوە، سەرباری ئەمەش دەبوایە ئۆپۆزسیۆن بەردەوام خەڵکی ئاگاداربکردایەوە لەسەر هەمو لایەنەکانی کۆبونەوەکان، دیارە ئەمانە هیچی نەکرا و ئۆپۆزسیۆن کەوتە داوی کات بەفیرۆدانی دەسەڵاتەوە. لەلایەکی ترەوە، نەدەبوایە لەکۆبونەوەیەکەوە بچنە یەکێکی ترەوە، لەکاتێکدا دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی چارەسەری نەناوە و بەپێچەوانەوە لە داپڵۆسینی هەڵسوڕاوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەردەوم بو، ئۆپۆزسیۆن هەنگاو بەسەر دەریایەك خوێندا

دەنێ و بەشدار دەبێ لە کۆبونەوەی چاکسازیدا، ئەمە ئەستەمە، ئۆپۆزسیۆن پێویست بو کۆمەڵێك پێشمەرجی هەبوایە بەر لە بەشداربون لە کۆبونەوەکان، وەك راگرتنی کامپەینی تۆقاندن، ئۆپۆزسیۆن زیانی زۆر بەخۆی گەیاند. هەرچەند درەنگ بو، بەڵام هەر باشیکرد گەڕایە دواوە، هەرچۆنێك بێ درەنگ لە هەرگیز باشترە.

**سبەی: پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان چۆن لێك دەدەیتەوە؟ لەئێستادا تاچەند هەست بەبونی چاکسازی دەکرێت؟ چاکسازی لەبەرژەوەندی کێدایە؟ ئەی نەکردنی لەبەرژەوەندی کێدایە؟**

د.رێبوار فەتاح: ئەگەر مەبەستت لەوە بێ کە دەسەڵات چاکسازی بکات، ئەوە ئەستەمە، ئەم سەرکردایەتیە سیاسیەی ئەمڕۆ چاکسازی بۆ ناکرێ و پێویستە دوربخرێتەوە، کە رەنگە کارێکی ئاسان نەبێ، هەڵبەت وەك هەمو کارێکی تر لادانی سەرکردایەتی ئێستای حیزبەکان پێویستی بە پلاندارِشتنە.

دورخستنەوەی سەرکردایەتی سیاسی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی گشت لایەکە، لەپێش هەموشیانەوە، بنکەی فراوانی حیزبەکان خۆیان، چونکە ئەمان، بە پلەی یەکەم، باجی لاری سەرکردیەتیەکەیان داوە و دەیدەن، تەنیا رێیەك بۆ پێبەخشینەوەی باوەڕی کۆمەڵ بە دو حیزبەکە ئەوەیە کە بنکەکانیان لێیان یاخی بن و دوریان بخەنەوە، ئەمە رەنگە بە کارێکی ئاستەم ببینرێ، بەڵام گەر بە جۆرێکی تر بیری لێبکەیتەوە هێندە گران نیە، دەکرێ بزوتنەوەی گۆڕان بە یاخیبونی بنکە فراوانی یەکێتی ببینرێ بۆ لادانی سەرکردایەتیەکەی، کە هێجگار کاریگەر بوە. خۆ رەنگە دەستلەکارکێشانەوەی ١٠ سەرکردەی یەکێتی لە چەند رۆژی رابردودا بەشێك بێ لەمە، لە ناوچەی پارتیشدا جوڵەجوڵ هەیە، بۆ نمونە دابەزینی لیستێکی سەربەخۆ، بە پێشڕەوی دکتۆر عبدولمسەر بارزانی، لە هەڵبژاردنی پێشودا و دابەزینی شێخ عەبدولسەلام بەرزانی، وەك سەربەخۆ بۆ سەرۆکی شارەوانی بارزان و سەرکەوتنی بەسەر لیستی پارتیدا، جێێ هیوان، سەرباری ئەوە کۆمەڵێك سەرکردەی تر لە ناوچەی بادینان ئاوارەن لەدەست حکومی پارتی، وەك کاك ئەیوب بارزانی، کە بەردەوام دژی ستەمکاری پارتی و یەکێتی دەنوسێ، هیوابەخشە، سەرکردایەتیەك کە لە بنکەکەی روتبکرێتەوە، مانای ئەوەیە کە باوەڕی حیزبی لێسەندراوەتەوە، بۆ بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆن بزوتنەوەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی پێویستە هاوئاهەنگی بن، خۆدەکرێ لە دەرەوەی کوردستان دەست بەم هاوئاهەنگیە بکرێ.

ئۆپۆزسیۆنیش پێویستە بەردەوام بێ لە پرۆژەی چاکسازیەکەیدا، کە لادانی سەرکردایەتی هەردو حیزبە دەسەڵاتەکە بەشێکێتی.

**پرۆفایل:**

د.رێبوار فەتاح ، ساڵی 1957 لە باشوری کوردستان لەدایکبوە.

لەساڵی 1982وە لە لەندەن نیشتەجێیە.

ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن لە فیزیادا وەرگرتوە.

وەك پسپۆڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا کاردەکات.

بەرپرسی ماڵپەڕی کوردیش میدیایشە، ئەم ماڵپەڕە بە زمانی ئینگلیزی وتار و دەنگوباس و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد بڵاودەکاتەوە.